هەواڵ

خەڵکی پشدەر لەسەر (عەباس بایز) ئەوا دەڵێن

بەدواداچوونی/کەریم خۆشناو

خاوەن قوربانیانی پشدەر

بەدەستی عەباس بایز .. بەم شێوەیە دەدوێن

ماوەیەکە خەڵکی ناوچەی(پشدەر) داوای یاسایی لەسەر(عەباس بایز بالواغا) تۆمار ئەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەو موستەشارە کاتی خۆی چەندین کەسی لەو خانەوادانە شەهید کردووە، بەڵام (عەباس بایز) زۆرجار نکۆڵی لەوە ئەکات خەڵکی کوشتبێ .. لەم بارەیەوە چەندین کەس لەخەڵکی پشدەر ئاوا لەسەر عەباس دووان:

***ئەحمەد مستەفا ئیبراهیم:**

سەرۆکی هەرێم ئەو گەورە تاوانبارە دانە نەدات و تەسلیمی دادگای بکات.

* من ناوم(ئەحمەد مستەفا ئیبراهیم)ەو خەڵکی گوندی هەڵشۆم، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥. من شاهیدی لەسەر (عەباس) ئەدەم لەکاتی خۆی لە گوندی (دوو گۆمان)، (٩) کەسی لێگرتین و تەسلیمی حکومەتی کردن، هەر هەموویان لەساڵی ١٩٨٠ لە سێدارە دران. ئێمە مەفرەزەیەك بوین هاتینە خوارێ لەناوی (کێلان) لەزورگان بەسەر کەمینێك دا کەوتین، ئەو کەمینە هی خۆمان بووین، دواتر رۆیشتین، بەسەر کەمینێکی تردا کەوتین و کەجاشەکانی(عەباس) بوو لەهەر چوار دەورە لێیدراین، لەژوورێکدا گیراین و دواتر بەیانی دەبابە و کۆپتەر، دەورەی گرتین و حکومەت هات، ئیتر (٩) پێشمەرگەمان لێگیرا و عەباس بەدەستی خۆی تەسلیمی کردن و دواتر ئیعدام کران، هەرچەندە ئەوکاتە ئێمە خەبەرمان بۆ نارد چی بڵێ بۆی دەکەین، بەس تەسلیمیان نەکەن، بەڵام ئەو هەر سوور بوو تەسلیمی کردن، ناوی هەندێکیانم لە بیرە وەك:(فەرخە عەبدوڵڵا فەرخە، مەحمود بێ شیری، خدر بادینی، محەمەد هەمزە قەجەر، مەحمود بادینی)، چاکم وەبیر نەماون کە هەموویان(پ.م)ی سۆسیالیست بوون، (عەباس) نەیهێشت خزمەکانیان پرسەش دابنێن. من وەك شاهیدێك ئامادەم لەهەر دادگایەك شاهیدی لەسەر(عەباس بایز) بدەم لەسەر ئەم تاوانەو داواشم لەسەر عەباس قەید کردووە، داواکاریشم کاریەدەستانی عێراق و کوردستان بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم ئەو گەورە تاوانبارە دانە نەدات و تەسلیمی دادگای بکات.

***بابەکر سورە رەمەزان:**

ئامادەیی شاهیدی دانم لەهەر دادگایەك رووبەڕووی(عەباس).

* من ناوم(بابەکر سورە رەمەزان)ەو لەدایکبووی ساڵی(١٩٥٢) خەڵکی گوندی گرتکی پشدەرم،براو ئامۆزایەکم بەدەستی عەباس شەهید بوون،من داوای یاساییم لەسەر عەباس تۆمارکردووە، چونکە برایەك و ئامۆزایەکی شەهید کردوم، شاهیدی ئەوەش لەسەر ئەدەم کە(٩) کەسی تەسلیمی حکومەت کرد و هەرهەموویان لە موسڵ لەسێدارەدران، برایەکم ناوی(رەمەزان سوورە رەمەزان) بوو وە ئامۆزایەکانم(حاجی پیرۆت حەمەد) و من لە حەقی خۆم خۆش نابم و داوا ئەکەم ئەم جاشە بهێنرێتە بەردەمی دادگا و بەسزای خۆی بگات و ئامادەی شاهیدی دانم لەهەر دادگایەك رووبەڕووی عەباس.

***ئەبی عومەر قادر:**

حاکمێکی عەرەب(عەلی حەسەن مەجید) دادگایی دەکات لە ئەنفال و سکی بەئێمە ئەسووتێ، بەڵام بەرپرسانی ئێمە سکیان بەئێمە ناسوتێ، تاوانباران دانە دەدەن.

* (ئەبی عومەر قادر) لەدایکبووی (١٩٦٨) خەڵکی گوندی گرتکی پشدەرم(مامو خاڵو چەند خزمێکم)بەدەستی (عەباس بایز) شەهید کراون، من داوای یاساییم لەسەر(عەباس بایز) و (برایم کانەبی) هەیە کە (٣) مامی شەهیدو چەند خزمێکی تری گوندی شەهید کردون و من بە ناوی سەرجەم گوندی (گرتك) قسە ئەکەم، کە عەباس دروست لەسەرەتادا بەخۆیێنی (خاڵم و کانەبی هەژار کانەبی) دروست بوە، عەباس نە رەئیس عەشیرەت بوە نە هیچ، چونکە لە هەموو تایفەکانی ئێرە بچوکتر بوە، وە رەئیس عەشیرەتایەتی ئەو بەهۆی جاشایەتی و خۆسەپاندن بوە،

لەساڵی (١٩٧٧) کە باوکیشم پێشمەرگە بوو، کەمینێکی داناوە بۆ جەماعەتی (عەوڵای حاجی شێخە) کە دوو کەسی شەهیدکردن، بەم کارە سەرەتا بوو بەجاش، ئەم مێژووە لای هەموو کەس رونە، من نامەوێ بۆ ئەو خەڵکانەی شیبکەمەوە، کەلەناو واقیعەکەدا بوون، من بۆ گەنجان و نەوەی داهاتوو، رونی ئەکەمەوە، جاشایەتی ئەوانە چۆن دروست بووە، نە عەباس و نە باوکی سەرۆك عەشیرەت نەبوون، بەڵکو باوکی (تەتەر) بوە و خۆیشی هەر هیچ نەبوە، هەموو خەڵك ئەزانێ رەئیس عەشیرەتی ئێمە کێیە، وە ناوی (ئاکۆ یایەتی) بەمانەش پیس بوو لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٧،١٩٦٥) ئەوانە جاش بوون لە قشڵەی سەنگەسەری خەڵکیان دەکوشت، دوای ئەوەی خاڵو خزمەکانی منی شەهیدکردن عەباس چوار تفەنگی لە حکومەت وەرگرت، لە ئیستیخباراتی قەلادزە بەرزکرایەوە، ئیتر هەر شەوە کەسێکی دەگرت و تفەنگی بەخەڵکەوە دەنان بەم شێوەیە دروست بوو،دواتر لەناوچەی رەنەی دارەزێوە چەنیدن کەسی گرتن و شەهیدی کردنن دوو نەفەری تری لەزارگەڵی و ماخۆ بزانان شەهیدکرد، ئینجا(٤٥) چەکی تریان دایە، نامەوێ زۆری درێژ بکەم، دواتر بووە مەفرەزە خاسە، ئینجا لە بەری مەرگە و کوردستان دەستی بەکوشتنی خەڵك کرد. ئەو راستیانەش لەمێژووی میللەتی کوردا هەن، دواتر (قادر لاجانی) و چەند کەسی تری لە (سەنگەسەر) شەهیدکردن دواتر (سەید حەسەن)ی کوشت .. (عەوڵای برایمی) تەسلیم کرد ... (تەلیفی عەوڵاوی برایمی) تەسلیم کرد .. (حاجی ئەڵای زەنگەڵی) سەری بۆ شۆڕنەدەکرد، تەسلیمی بەعسی کرد و ئیعدام کرا، ساڵی ١٩٨٨ وەپێش موقەدەم زوبێر کەوتبو قائیدی فیرقە بوو، دەستی کرد بەئەنفالی خەڵك و تێکدانی زۆر ناوچە و لەزۆربەی ئەنفالەکان و تێکدانی گوندەکان هاوبەشی کردوە، لە گوندی(بێرمکە) دوو پێشمەرگەی گرتن کە پێشمەرگەیەکیان کەرکوکی بوو، وتی: چی بڵێ دەتدەمێ تەسلیمم مەکە، وتبوی : چوار برام شەهید بوونە، بەس من ماوم، دواتر عەباس رازی نەبوو بوو، پێشمەرگەکە پێی وتبوو لێرە بمکوژە، تەنها تەسلیمی بەعسم مەکە، بەڵام ئەو هەر تەسلیمی کرد و لەسێدارە درا، لەکاتێکدا عەباس بە رۆژوو بوو کە ئەو کارەی کرد، نازانم رۆژوەکانی بۆ چی بوو، کە پارشێوی بە پسکویت ئەکرد و پێشمەرگەشی بە ئیعدام کردن ئەدا .. لەبەرباتگ ئەم کارەی کرد.

من ئامادەم ئەم قسانەی کە کردم لەهەر دادگایەکی (کوردستانی، عێراقی، نێونەتەوەیی، عەشایەری) رووبەڕووی عەباسی بکەمەوە و پەنجە بخەمە چاوی وەك شاهید حاڵێك، لەهەر کوێیەك بێ، کە ئەم تاوانانەی کردون و ئامۆزاکەشی(برایمی کانەبی) لەساڵی ١٩٨٨ شەش نەفەری گوندی ئێمەی کە ناوی گوندی گرتکە کەلە ئەسڵدا ١٦ کەس بوو، بەڵام من بەناوی(٦) گوندەکەی خۆمان قسە ئەکەم کە هەموومان ئامۆزا و بن ئامۆزاین، براین و وارسی یەکترین. کە ١٦ کەسەکەی بردن بۆ ئێران و لە ناویاندا(٦)ی هی ئێمە بوون لەوێوە نامەیەکی نارد کەلە شەڕی پێشمەرگە کوشتن ماندوو بوو بوو، ویستی خۆی لە ئێران دروست بکات، لەوێوە نامەیەکی بە(ح.ف)دا نارد بۆ (برایمی) ئامۆزای وتی: ئەم ٦ کەسەتان تەسلیم دەکەمەوە، چونکە لای ئەو گیرابوون، کە بابم و (عومەری حاجی قادر) و (عەوڵای سێمانە شینی) کە ئەو کاتە (برایمی کانەبی) ئامۆزای عەباس تەلاقی خوارد کە تەسلیمان بکەنەوە، ئەو خەڵکە گیراوانە کەلەلای ئەوان بوون، ئەوەبوو دواتر لە گەڵی (ماخۆبزنان) سبەینێ تەسلیمی حکومەتی کردن و دواتریش هەموویان لەسێدارە دران.

عەباس گوایە دەڵێ من بێ تاوانم، ئەگەر بێ تاوانە با بێتە دادگا ئەگەر ئەو تاوانی نیە، ئێمە عەفوی دەکەین، بەڵام ئایا بۆچی نایێتە دادگا، من سەیرم بە بەرپرسانی کوردستان دێت، هەمیشە باسی سەروەری و یاسا ئەکەن، کەچی ئەنفالچی وا لە پەنا خۆیان دانە دەدەن، چۆن دەبێ سەرۆکی هەرێم ئەو کەسە دانە دەدات و عەباسیش بەناوی ئەوەوە قسە بکات، بەڵام پێم سەیرە لە وڵاتی ئێمە یاسا بۆ فەقیر خەنجەرە، بۆ پیاو خراپ و جاشەکانیش بێ خەبەرە، تائێستا ئێمە چەندین جار چوینە مەحکەمەی (سلێمانی، قەڵادزە) ئێمە مەوجودین، بەڵام عەباس ئامادە نابێت، بە بیانووی ئەوەی تا کاك (مەسعود) ئەمری پێ نەکات ئامادە نابێ و عەباس زۆرجار دیعایەی ئەوە دەکات دەڵێ هەرچی کردوومە بۆ پارتیم کردووە .بەڵام ئێمە دەڵێین ئەگەر خەڵکی لە سێدارە دراوە و کوشتوونی و ، ئەوا ئێمە لاریمان نیە و با خۆیێنی ئەوان فیدای پارتی بێت، وەهەر کاتێکیش پارتی و کاك مەسعود تاوانەکانی عەباس وەئەستۆی خۆی گرت، ئەوا عەباس برای ئێمەیە، بەڵام ئەگەر پارتی تاوانەکانی عەباس ناگرێتە ئەستۆی خۆی با عەباس دانە دەدات و عەباس بێتە بەردەمی دادگا. ئەگەر تاوانی نیە بۆچی ناوێری بێتە دادگا، بەڕاستی ئێمەش داوا لە کاك مەسعود، نیچیرڤان و وەزارەتە پەیوەندارەکان و سەرۆکی کۆمار ئەکەین ئەگەر عەباسی نەهێننە بەردەم دادگا، ئێمە پەنا ئەبەین بۆ دادگای باڵای تاوانەکان، یا دادگای نێودەوڵەتی، ئەگەر بەیاسا و بەهێمنی هیچمان بۆ نەکرێ، ئێمە خۆمان عەشایەری دەتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام ئێمە نامانەوێ لەیاسا لابدەین، بەرێگایەکی شەرعی داوای حەقی خۆمان دەکەین.

ئێمە چاومان لە حکومەتی خۆمان و سەرکردەکانی خۆمانە، تا ئەوان هەبن ئێمە پەنا بۆ هیچ شتێك نابەین، عەباسی خەڵکی ئێمەی کوشتوە، ئێمە ناترسین هێندەی تریش بمانکوژێ ئێمە وازی لێناهێنین، ئێمە زیاتر نین لە خوێنی شەهیدەکانمان کە عەباس شەهیدی کردون، وە با دڵنیا بێ ئێمە کۆڵ نادەین، وە حەقی ئێمە نا مەشروع نیە، زوڵم نیە لەکەس بەڵکو ئێمە داوایەکی یاسایی و حەقی خۆمان ئەکەین، وە ناشمانەوێ کێشە بۆ (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) دروست بکەین، ئێمە داوای یاسایی و حەقی خۆمان ئەکەین، وە عەباس وتویەتی یەکێتی ئەوانە هان دەدات، ئەوە وانیە، من نە خانەنشینم نە موچەشم هەیە لەناو یەکێتی، ئێمە خەڵکی کاسب و بێ لایەنین، ئەو قسەیەش هیچ ئەساسێکی نیە.

دەمەوێ ئامارە بەوە بکەم کە خەڵکی پشدەرو بیتوێن هەر هەموویان رەئیان زۆر لەسەر عەباس خراپە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە با ریفراندۆمێك بکرێت، لەسەر چاکە و خراپەی عەباس لە پشدەر ئەگەر زۆرینەی خەڵك لەگەڵ عەباس بایزدا بوون ئێمە لەهەمو مافی خۆمان خۆش دەبین، هەروەها عەباس هەر ئەوەی نەکردوە بەڵکو خەڵکی لەبەریەك دەرهێناوە، خەڵکی فێرە خیانەت کردوە، خەڵکی فێرە سەرشۆڕی کردوە، چونکە خۆیان خائین و داوێن پیسی و خراپەکار بوون. وە عەباس بایز سەرۆك عەشیرەت نیە، کەس بە سەرۆك عەشیرەتی نازانێ، وە داواش لەو کەسانە دەکەین کەلەگەڵ عەباسدان با لێی دووریکەونەوە، چونکە ئەوانە خەڵکیان لەئێمە کوشتوە، ئیتر بۆچی؟ ئەو خەڵکە ئەچنە ریزی دوژمنەکانی ئێمە، ئەگەر نا هێندەك خزمی عەباسی لەناوچەی ئێمەن لەبەر ئەوەی باش بوون، ئێمە هات و چۆمان هەنە، رێزیان لێدەگرین و وە برای ئێمەن.

من لەدواجار ئەڵێم با کاك مەسعود ئەو پیاوە دانە دات و تەسلیمی دادگای بکات، من داوای یاساییم تۆمار کردووە، وەلەدادگا رووبەڕووی ئەبمەوە، تائێستاش کە راوەستابووین لەبەر بارو زروف بووە، بەڵام ئێستا حکومەت یەکە و ئێمە ناتوانین هیچی تر چاوەنواڕ بکەین، ئینجا ئەوانە جاشی ئێرانیشن لە(خانە)ی ئێران منداڵێکیان کوشت(١٢) ساڵان بوو، ناوچەی (لاجان و شنۆ) و ناوچەی (مەنگوڕایەتی) ئەوانە ریسوڵو دەیان کاری نابەجێیان کردوە. بڕۆن لەوێ بپرسن لەخەڵکی ئەوێ، خۆ ئەوان خزمی ئێمە نین.

پ: ئایا ئەمر قەبزی دەرچووە تائێستا؟ وە بۆچی نەهاتووە؟

و: هەموو بەهانەی نەهاتنی ئەوەیە دەڵێ من ئەوەی کردومە بۆ مەسعود بارزانی و پارتیم کردوە، ئەوانیش دانەدیان داوە، ئیتر نایەتە دادگا و بەچاوێکی سووك تەماشای دادگای کوردستان دەکات.

پ:عەباس بەشداری ئەنفالی کردووە؟

و: من نازانم ئەنفال، بەڵام لەگوندڕوخاندنی دۆڵی(باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، بناری کۆسرەت، پشدەر، سماقوڵی) لەگەڵدا بوە، کەس نیە خەنجەری عەباسی بەرنەوکتبێ. وەشتێکی تریش هەیە خەڵك ناوێرێ شاهیدیان لەسەر بدات، بەڵام ئێمە ناترسین و دەیڵێین، وە(ی.ن.ك) و (پ.د.ك) غەدر لە خەڵك ئەکەن کە هەریەکەو تاوانبارێکی گەورە لەپەنا خۆیان دانە دە بدەن. وە دیواخانەیان دەدەنێ.

پ:کاك نەبی هەموو ئەو قسانەی کردنت ئامادەی وەك خۆی بڵاوبینەوە؟

و: سەدجار بەڵێ و من لەدادگا ئامادەم پەنجە بخەمە چاوی عەباس و شتەکان زیاترن، بەڵام من کورتم کردوەتەوە.

ئەگەر ئەو گەورە جاشەش نەدرێتە دادگا ئەوا من پێموایە حیزبەکانی کوردستان جارێکی تر ئێمە ئەنفال دەکەنەوە، حاکمێکی عەرەب(عەلی حەسەن مەجید) دادگایی دەکات و لەسەر ئەنفال و سکی بەئێمە دەسووتێ، بەڵام بەرپرسانی ئێمە سکیان بە میللەتی خۆیان ناسووتێ، با سەرکردەکانیشمان واز لە قسەی دبلۆماسی بهێنن و نەڵێن خەڵك ئازادن، با تاوانباران دانە دەدەن و میللەت لەخۆ زویر نەکەن.

*** قادر رەسول سلێمان: من وەك کوڕە شەهیدێك لە حەقی خۆم خۆش نابم.**

* من ناوم (قادر رەسول سلێمان) لەدایکبووی ١٩٨٠ خەڵکی گوندی (گرتك)م ، بابم و مامم بەدەستی عەباس شەهید کراون. باوکم ناوی رەسول سلێمان مینەیە، باوکم و حاجی سلێمان مینە مامم، من ئەو کاتە بچوك بووم، بەڵام بە بیریشم دێ، وە من داوای یاساییم تۆمارکردووە، بەڵام ئەوان نەهاتوون چ عەباس و چ برایم ئاغا، من وەك کوڕە شەهیدێك لە حەقی خۆم خۆش نابم و داوا لە کاك مەسعود و کاك نیچیرڤان دەکەم ئەمانە دانە دەن و بیاندەنە دادگا.

***عەبدوڵڵا شێخە عەبدوڵڵا:**

ئەوەی من ئاگام لێیە(٩) نەفەری لەیەك شوێن شەهید کرد.

* من ناوم(عەبدوڵڵا شێخە عەبدوڵڵا) لەدایکبووی ١٩٤٦ خەڵکی گوندی گرتکم و من ئامیر مەفرەزەی سەرەتایی بو لەو دۆڵەی شەهیدان لێی داین کە چەند کەسێکی لێ شەهیدکردین و من بریندار بووم نەفەرەکان بە ناوی رەسول کانەبی، عومەر عەبدوڵڵا عومەرو من ئامادەم لەدادگا رووبەڕووی عەباس ببمەوە و لەدادگای قەڵادزێ داوایەکم تۆمارکردووە، داوا ئەکەم بەرپرسانی کورد ئەو تاوانبارە لای خۆیان گل نەدەنەوە و بیدەنە دەست دادگا، چونکە من لە حەقی خۆم خۆش نابم. ئەوەی من ئاگام لێیە ٩ نەفەری لەیەك شوێن شەهید کردن.

***سەردار رەسول حەمەد:**

من دوو داوام هەیە لەسەر (عەباس) یەکیان شەهیدبوونی برایەکم، ئەوی تریان کەبەرنامەی کوشتنی منی دانابوو.

* من(سەردار رەسول حەمەد) لەدایکبووی ١٩٧٦ خەڵکی گوندی (ماخۆبزنان) برام و ئامۆزایەکم شەهید بوون و چەند جارێك بەرنامەی تیرۆرکردنی منی داناوە.

من دوو داوام هەیە کە ساڵی (٢٠٠٠) بەرنامەی تیرۆرکردنی منی دانا وە، هی دووەمی کە برایەکی منی شەهید کردوە، من داوای یاساییم تۆمار کردووە، ئێمە چەند جار ئامادەی دادگا بووین، بەڵام ئەوان ئامادە نین بێن بۆ دادگا، داوا لە حکومەت دەکەین کە ئەو تاوانبارانە بنێرنە بەردەمی دادگا. عەباس دەڵێ: کاك مەسعود بڵێ بچوو بۆ دادگا من ئەچم، بەڵام پێموایە کاك مەسعود ئاگای لێ نەبێ، چونکە کاك مەسعود خۆی کەس و کاری شەهید و ئەنفالن، چۆن ئەنفالچییەك دانە دەدات؟! عەباس سەرۆك عەشیرەت نیە، بەڵکو پیاوێکی زەلام کوژە، بە پشتیوانی رژێمی بەعس، هەرچەندە عەباس و برایم ئاغا بڵێن ئێمە بێ تاوانین ئەوە رەئی خۆیانە و ئێمە ئەوان بە بکوژی خەڵکی خۆمان ئەزانین، ئەوان لەوەتەی داواشیان لەسەر بەرزکراوەتەوە، چەند جار هەوڵیانداوە لەگەڵیان دانیشین بۆ (سوڵح) بەڵام ئێمە دانانیشین و دەمانەوێ لە رێگای دادگاوە کێشەکانمان چارەسەر کەین.

دەمەوێ ئامارە بەوە بدەم کە کوژراوەکانی دەستی عەباس زیاتر لەسەرووی (٣٠٠) کەسە، وە ئەو تەنانەت منداڵیشی کوشتوە، وە من داوایەکی شەخسیشم هەیە کەلەساڵی ٢٠٠٠ پیاوێکی بەکرێ گرت بە (٧٠,٠٠٠) دینار و سەیارەیەك کە پیاوەکەش ماوە من بکوژێ، بەڵام ئەو ئاشکرای کرد، من لەسەر ئەوەش داوام لەسەر تۆمار کردوە و مودەعیم لەسەری.

***کاوە پیرۆت عەبدوڵڵا:**

حەقە پارتی ئەوانە بداتە دادگا

من ناوم(کاوە پیرۆت عەبدوڵڵا؟) لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦، مامم (رەسول شێخە، باوکم پیرۆت عەبدوڵڵا، ئامۆزایەکم، عەبدوڵڵا شێخە) بەدەستی عەباس بایز شەهید کراون، وە من داوام لەسەر عەباس کردوە وە لە حەقی خۆشم خۆش نابم، داوا دەکەم ئەوانە بدرێنە دادگا. حەقە پارتی ئەوانە بداتە دادگا.

* ئەبوبەکر ئاڵی پیرۆت .. کە مامی بەدەستی عەباس شەهید کراوە بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردین و وتی: من داوام لەسەر عەباس تۆمارکردووە و من لە حەقی خۆم خۆش نابم و ئامادەم لەدادگا رووبەڕووی تاوانبار عەباس بایز بالواغا ببمەوە.

*** ئەسمەر کانەبی رەسوڵ: من بچوك بووم کە باوکم شەهید بوە بەدەستی عەباس بایز، باوکی خۆم نەدیوە.**

* من ناوم(ئەسمەر کانەبی رەسول) لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢، من خەڵکی گوندی (ناودەشت) بابم بەدەستی عەباس شەهید بوە بەناوی (کانەبی رەسول کانەبی) من بچوك بووم باوکی خۆم نەدیوە و لەنازی باوکم بێ بەش بووم وە من لە عەباس خۆش نابم وە داوام تۆمارکردووە و داوا لەبەرپرسان دەکەم کە ئەم تاوانبارە لای خۆیان گل نەدەنەوە و بیدەنە دەست داد گا، من هەمیشە باوکی خۆم لە بیرە و عەباس بەدوژمنی میللەتەکەم ئەزانم.

*** فاتیمە رەسوڵ کانەبی: دوای ٧ رۆژ لە شەهیدبوونی برایەکم بەدەستی عەباس بایز نەمانتوانی پرسەی بۆ دانێین.**

* من ناوم (فاتیمە رەسول کانەبی) یە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ خەڵکی ناو دەشتم، برام کانەبی رەسول بەدەستی عەباس شەهید بووە لە رۆژی ١٩٧٧/٦/٢٥ کە خەبەرم بۆ هات دوای ٧ رۆژ لە (ماخۆبزانان) کە براکەم لەگەڵ چەندین کەس شەهید بوونە بەدەستی عەباس، عەباس هەر خۆیشی خەبەری شەهیدبوونی داینێ، لێشنەگەڕان پرسەش دابنێین. من لەو کاتەدا تەنها یەك مەفرەزە هەبوە کە عەباس بوە کە رۆژانە خەڵکی دەکوشت، من وەك ژنێك داوام لەسەر تۆمارکردووە، وە لێی خۆش نابم، داوا لە کاك مەسعود ئەکەم ئەم گەورە تاوانبارە لای خۆی دانە دات و رەحمێ بەدایکی شەهیداندا بێتەوە، من لەدادگا پەنجە ئەخەمە چاوی عەباسی تاوانبار. با دڵنیابێ لێ خۆش بوون نیە لەو حەقەمان.